## بۆ ئازادی دکتۆر کەمال ، بەردەم باڵوێزخانەکانی ئەمەریکا دەکەینە مەیدانی داکۆکی کردن!

حوکمدانی دکتور کەمال سەید قادر بە 30 سال زیندانی کردن بۆ بەرەی ئازادیخوازان بووە هەوێنی ڕق هەستان و تووڕەبوونێکی ئەو تۆ کە ئەمڕۆ نەك تەنیا ڕێکخراوە ئینسان دۆستەکانی وەك ئەمنستی ئەنتەرناسیونال، بەڵکو سەرئەنجامی هەڵسوڕان و دەنگ هەڵبڕینی ئەم بەرەیە کار بەشوێنێك گەشت کە حکومەتی ئەمەریکا ڕاستەخۆ لەمبارەوە دەخالەت بکات وسەرزەنشتی پارتی بکات لە پەیوەند بە دەستگیرکردنی کەمالی سەید قادر. تا ئێرە سەرکەوتنێکی مەزنەوە دەبێت پیکەوە کارمان بە ئەنجام بگەیەنین. ئەگەر ئەمەریکا لە ژێر گوشارێکی گەورەدا بۆ یەکەم جار لەسەر مەسەلەی ئازادی بیروڕادەبرین دێتە دەنگ، ئەوا دەبێت ئێمە ئەم دەرفەتە لەکیس نەدەین و دەنگی خۆمان بلندتر ڕاگرین و سەرباری پێ داگرتنمان لەسەر ئازادی بێ بێ ئەملاولای دکتۆر کەمال سەید قادر، هاوکات ئەم وەدەنگ هاتنە بکەینە پردی پەرینەوە بۆ داکۆکی کردن لە هەموو ماف و ئازادیەکانی خەلکی کوردستان .

ئازادیخوازن جەماوەری ستەم لیکراوی کوردستان

دەخالەتی حکومەتی ئەمەریکا لە پەیوەند بە کێشەکەی دکتۆر کەمال ، کاری ئێمەی گەیاندە قوناغێکی ترو ئێستە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە زۆر ڕۆشنیتر پێ لەسەر داخوازیە دەست بەجێ کانی خۆمان داگیرن. ئەگەرچی ئەمەریکا بەڵینی ئەوەی داوە کە لەماوەی دوو هەفتەدا دەبێت گورانکاری یەك پیتە ئاراوە، بەلام نە ئەو گورانکاری بە مانای ئازادی بێ بێ ئەملاولای دکتۆر کەمالەوە نە دکتۆر کەمالیش بەداخەوە بەهۆی مانگرتنی لە خواردن لە ژیانێکی ئاوا ئاسایدا بەسەر دەبات کە بلین با پەلە نەکەین تا کارەکان بەکاوە خۆ دەچنە پیشەوە. لێرەدا پیویستە سەرنجی گۆشەیەکی تری دۆخەکە لەو ڕوانگەیەوە بدەین کە بەدلنیای دواخستنی ئازادکردنی دکتۆر کەمال بۆ ئەمەریکا نابیتە خالی لێك ترازان دروست کردنی هیچ جۆرە قەیرانیکی سیاسی، چونکە هەم ئەمەریکا بۆ جێ خستنی سیاسەتەکانی خۆی کاری بە پارتی یەو هەم پارتیش نایەوێت هەروا ئاسان وبەبی دروست کردنی هیچ گیرو گرفتیك بچیتە ژیر باری ئەو شکستە گەورەوە. بۆیە تەنیا ڕێگەیەکی کارساز هاتنەمەیدان و دەنگ هەلبرینمانە لەبەردەم هەموو بالویزخانەکانی حکومەتی ئەمەریکا لە هەر شوێنك کە کۆمەلێك ئازادیخوازی و خەم خواری ماف وئازادیەکانی خەلکی کوردستانی لێ بێت . بۆیە بانگەوازتان دەکەین کە هەرچی زووتر خۆتان ئامادە بکەن بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان لەبەردەم بالویزخانەکانی حکومەتی ئەمەریکادا، تا پیکەوە دەنگ هەلبرینی ڕیزی یەکگرتووانەمان نەك هەر ببێتە سەنگەری داکۆکی کردن بۆئازادی بێ قەیدو شەرتی دکتۆر کەمال سەید قادر بەڵکو ئەم هەلە بکەینە فرسەتێك بۆ داکۆکی کردن لەهەموو ماف وئازادیە سیاسی وفەردی و مەدەنیەکانی خەلکی کوردستان. ئێستە ئیتر نۆبەی ئێمە هاتووە کە دیاریدەیەکی نۆێ و ئازیز لەمیژوودا لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان تۆمار بکەین. ڕابن و وەرنە مەیدان بائازادی بیروار دەبرین ئازادی بەیان ئازادی ڕەخنەگرتن بەکردەوە ببیتە سەرەتایترین ئەو مافانەی کە هەموو تاکێکی کوردستان بتوانن بە ڕۆشنترین شێوە ممارەسەی بکات و لێ بەهرمەندبن، هێز لەیەکگرتنمانایەو هاتنە مەیدان ئایندەیەکی پرشنگدارمان بۆ تۆمار دەکات !

لەمبارەوە کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال سەید قادر، بانگەوازتان دەکات کە ڕۆژی پێنج شەمە بەرواری 19 / 1 / 2006 بکەینە ڕۆژی نارەزایەتی دەربرینی سەرتاسەری ولەبەردەم بالویزخانەکانی حکومەتی ئەمەریکا بۆ داکۆکی کردن وئازادکردنی دکتۆر کەمال. دۆستانیك کە خوازیاری هاوکاری کردنن بۆ بەرەو پیش بردنی ئەم خۆپیشاندانە، دەتوانن لە ڕێگەی پەیوەندی کردنی ڕاستەوخۆ بە ( دەستەی سەرپەرشکار )ی کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال سەید قادر، ڕوونکردنەوە ڕینمای پیویست وەرگرن سەبارەت بە لایەنە جۆرەبەجۆرەکانی بەڕیوەبردنی ئەم خۆپیشاندانەوە ئامانجەکانی کەمپەین وچارەسەرکردنی هەر کێشەیەك کە لەکاتی کارکردنا بیتە سەڕیمان. لەمبارەوە هەرچەند کەسان وکۆڕو کۆمەلیك دەتوانن بە هاوکاری دەستەی سەرپەرشتکاری کەمپەین وەك بەشیك لە خۆپیشاندانەکە لە وولات و شاری خۆیان کار بۆ بەرپاکردنی ئەم نارەزایەتی یە بکەن . بۆیە جیگەی خۆیەتی کە دەست بەجی بەمەبەستی ڕاپەراندنی کارەکان بەم ئیمیلەی خوارەوە پەیوەندیمان پیوە بکەن !

کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال سەید قادر

دەستەی سەرپەرشکار

2006 / 1 / 11

دەتوانن بەم ئیمیلە پەیوەندیمان پێوە بکەن

dkamal_free@yahoo.com